# ئامارەکانی ژنانی عیراق - ژنانی ئاوارەبوو و ژنانی ناوچەی جەنگ

ئادار ٢٠١٥



تووندوتیژی دژی ژنان بە هەموو شێوەیەک زۆر بەربڵاوە و لەوانەیە لە کاتی ئاشتی و لە کاتی جەنگ و لەدوای جەنگیش ڕووبدەن. مەبەست لەم ئامارانە بریتیە لە خستنەڕووی ئەو شێوازانەی توندوتیژی دژی ژنانی لە کاتی جەنگدا.

عیراقیەکان، بە تایبەتی ژنان و کچان، کە چەندین ساڵە لە ژێر ئابلۆقەی ئابووری و لە باری جەنگدا دەژیان ئێستا بارودۆخیان زۆر بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە بەهۆی هەرەسهێنانی بارودۆخی ئەمنی لە چەند مانگی ڕابردوودا. ئەو شەڕە بەردەوامەی کە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکاندا بە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشیشەوە وای کردووە نزیکەی **٢،٥ ملیۆن کەس**[١] لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر ببن لەوەتەی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ەوە.

لە ئامارەکانی ئاوارەبووانی تازە زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئاوارەبووان (٥١٪) ئافرەتن[٢].




**پۆلینی تەمەنە جیاوازەکانی ئافرەتە ئاوارەبووەکان کە وەک نموونە لە گرووپی هەڵسەنگاندنەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەرگیراوە.[٣]**

تووندوتیژی و شەڕ بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری هەبووە لەسەر پیاوان و ژنان و کچان و کوڕان. لە عیراقدا، ژنان و کچان ڕووبەڕووی چەندین تووندوتیژی دأ بە مافەکانی مرۆڤ بوونەتەوە لەوانە: ڕفاندن و کوشتن و بازرگانی و ئەشکەنجەدان و بەشوودانی بەزۆرەملێ و هەروەها مەترسی توندوتیژی سێکسی و ڕەگەزییان لەسەر هەبووە.

دوابەدوای دەست بەسەرداگرتنی شاری موسڵ لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بەرنامەی دانا بۆ دەستپێکردنی کۆیلایەتی سێکسی و ڕفاندن و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

## بارودۆخی ژنان و کچان لە مەترسیدایە[٤].

تووندوتیژی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر چەندین پێکهاتەی جیاجیای کۆمەڵگە کراوە. ژنانی سەر بە ئایین و نەتەوەی جیاجیا بە شێوەیەکی تایبەتی کراونەتە ئامانجی توندوتیژی سێکسی. ساڵانی دوورودرێژی شەڕ بە بەردەوام گۆڕانکاری گەورەی لە پێکهاتەی خێزانەکان درووست کردووە، کە ئێستا نزیکەی **١،٦ ملیۆن بێوەژن**[٥] لە عیراقدا هەن بگرە هێشتا خێزانی زیاتریش هەن کە ژنان سەرۆکایەتی دەکەن.

## ژنانی عیراق و بەتایبەتیش ژنە ئاوارە ناوخۆییەکان و بێوەژنان و ئەو ماڵانەی کە ژن بەڕێوەیان دەبەن، بە ئاسانی روبەڕووی ئازاردان و ڕەفتاری ناشیرین دەبنەوە

لە ڕاستیدا، تێکچونی بارودۆخی یاسا و سەقامگیری و پچڕانی میکانیزمی ئێستای پاراستنی پێکهاتەکان شانبەشانی زیادبوونی ناسەقامگیریش مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەرییان بۆ ژنە ئاوارە ناوخۆییەکان زیاتر چڕ کردووەتەوە.

کاریگەریی لاوەکیی توندوتیژیی وەك بەردەستنەبوونی پەناگە و خۆراکی پێویست و ئاو و دەرمان، کە دەبنە مایەی برسییەتی ، و سکچوون و نەخۆشی بوونەتە مایەی لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی مەدەنی و منداڵان و ژنانی دووگیان بە تایبەتتریش خەڵکی پەککەوتە و بەساڵاچوو.[٦]

**ڕفاندن:** هەزاران ژن و منداڵی ئێزیدی و کەمینە ئاینییەکانی تر کە لە مانگی ئابی ٢٠١٤ەوە ڕفێندراون تا ئێستاش هەر لەبەر دەستی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام)دان.[٧]

**بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە:** هەرچەندە دەسکەوتنی ژمارەیەکی تەواو و دروست لەمبارەوە تا ڕادەیەك ئەستەمە بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە نوسینگەیەکی لە موسڵ بۆ فرۆشتنی ژن و کچی ئێزیدی بە خەڵکی ئەوشارە کردووەتەوە.[٨]

**توندوتیژیی سێکسی:** ڕاپۆرتەکانی توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان و منداڵان لە شارەکانی نەینەوا و نەجەف و کەربەلا[٩] لە زیادبووندایە. لەمەش زیاتر و بە هەمان شێوە ڕاپۆرتەکانی ڕفاندن و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە و چەکدراکردنی زۆرەملێش.[١٠]



بەهۆی هەستیاریی شەرماوەری لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەربارەی ئەو ژنانەی ئەتککراون و توندوتیژیی سێکسییان بەرامبەر کراوە، چەندان رزگاربووی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری حەز ناکەن داوای یارمەتی بکەن و هەر بۆیەش زیاتر دەیانەوێ وەك کلتورێك ئەو کۆژان و ئازارانە هەر لای خۆیان بمێنێتەوە.

**تەندروستی:** خزمەتگوزاری بنەڕەتی وەك بۆ نمونە خزمەتی تەندروستی بە تەواوی ئیفلیج بووە و بگرە لە ناوچەکانی شەڕ هەر مایەی پێگەیشتن نییە. لە لایەکی ترەوە، لەو ناوچانەی کە خەڵکی ئاوارەی لێییە خزمەتی تەندروستی وەك خزمەتی تەندروستیی دایکانە تووشی لاوازی بووە بەهۆی شاڵاوی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە.[١١]

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

باروودۆخی ژیانی ژنە ئاوارەکان وەك نەبوونی شوێنی جودا و نەبوونی سەقامگیری و کەمیی ئاو و ئاوەڕۆ و زۆریی چادرەکان بوونەتە مایەی زیادبونی هەرەشەی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری دژی ژنان و کچان بەتایبەتیش لەو ماڵانەی کە ژن بەڕێوەیان دەبەن.[12]

**ژنانی ژێردەست داعش:**

لە راستیدا، خزمەتگوزاری بنەڕەتی و خزمەتی تەندروستی و خزمەتی پەرستیاریی بۆ ئەوانەی کە لە ژێردەستی داعششدا دەژیێن لەو پەڕی ئەستەمیدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەتەوە یەکگرتووەکانی عیراق توانیویەتی چەند وتەیەکی گەواهی کۆ بکاتەوە کە توندوتیژییە قێزونەکانی ئەو ڕێکخراوە دژی ژنان و کچان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی وەك مافی هاتوچۆ پشتڕاست دەکەنەوە. لەلایەکی تریشەوە، چەندان سزای قورسی وەك لێدان و لەسێدارەدانیش دژی ئەو ژنانە بەهۆی پێشێلکردنی یاسایەکانی ئەو ڕێکخراوەوە ئەنجام دەدرێت.[13]

## چوارچێوە هەنووکەییەکان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانی ژنانی عیراقی بەرکەوتەی شەڕ

• **پلانکاری نیشتمانیی عیراقی سەبارەت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ١٣٢٥ (٢٠٠٠):** عیراق یەکەم وڵات بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم جۆرە پلانکارە رابگەیەنێت سەبارەت بە بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە چەقی خۆی دەخاتە سەر ژن و ئاشتی و سەقامگیری لە مانگی شوباتی ٢٠١٤:

• ستراتیژێکی هەمەلایەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەلایەن وەزارەتی کاروباری ژنان و چەندان وەزارەتی تر و نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پیادەکرا و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدڕالیشەوە لە سەرەتای ٢٠١٤ پەسند کرا

• بەهەمان شێوەش، ستراتیژێکی کوردستانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دارێژرا و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو حکومەتەشەوە پەسند کرا.



• ستراتیژێکی کوردستانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ راگەیەندرا کە بریتی بوو لە بانگەوازێك بۆ راگەیاندنی کارپێکردنێك وەك بەشێك لە هەڵمەتە نیشتمانییەکەی بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەناو دانیشتوانی عیراق و ئاوارەکانی سوریای ناو هەرێمی کوردستانیشدا.

## کارە لەپێشینەکان بۆ ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانی ژنانی بەرکەوتەی شەڕ

- دەستەبەرکردنی راهێنان سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ژنان لەسەر بنەمای جێندەری و تواناسازی بۆ ئەو کارمەندە پزیشکییانەی کە لەناو چادرگەکاندا کار دەکەن لەگەڵ ئەوانەش کە لە کۆمەڵگە خانەخوێیەکاندا لە چارەسەری پزیشکی سەرەتایی کار دەکەن.

- دابینکردنی خزمەتی بەیەکشادکردنەوە (سەرلەنوێ تێکەڵکردنەوە) بۆ رزگاربووانی توندوتیژیی دژی ژنان لەسەر بنەمای جێندەری لە نێوان ژنان و کچانی ئاوارە و پەناهندە.

- دابینکردنی خزمەتی پەروەردەیی و هاندان لەسەر ناونوسکردنی منداڵان بەتایبەتیش کچە هەرزەکارەکان بۆ چوونە قوتابخانە.

- ئەنجامدانی بەرنامەی تواناسازی بۆ پیاوانی پۆلیس و ئاسایش بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە چادرگەکانی ئاوارەکان و پەناهندەکان بەرپرسن.

- گەشەدان بە بەهێزکردنی توانای ئابوریی ژنان و کچان لەرێگەی پەروەردە و راهێنانی پیشەیی و ژیاری و هەلی کارەوە.

تێبینی: ئەو ژمارانەی لێرە باسکراون سنورداریی دەسکەوتنیان دەبێ بە ئەوپەڕی کەم دابنرێن چونکە ژمارەی راستەقینە رەنگە زۆر زۆر زیاتر بێت.

١ بەرنامەی بەدواداچوونی ئاماری ئاوارەبووان، ڕێکخراوی جیهانی کۆچ، ٢٦/شوبات/٢٠١٥، لاپەڕە ١.
٢ بەرنامەی بەدواداچوونی ئاماری ئاوارەبووان، ڕێکخراوی جیهانی کۆچ، ٢٦/شوبات/٢٠١٥، لاپەڕە ١.
٣ بەرنامەی بەدواداچوونی ئاماری ئاوارەبووان، ڕێکخراوی جیهانی کۆچ، ٢٦/شوبات/٢٠١٥، لاپەڕە ١٣.
٤ ڕپۆرتی بارودۆخی عیراق، یوئێن ئۆچا، شوبات تا حوزەیران ٢٠١٥، لاپەڕە ٥ .
٥ زانیارییەکانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بۆ پێداچوونەوەی گشتی دەوری، ٢٠١٤، لاپەڕە ٥
٦ ڕاپۆرتی هاوبەشی یونامی و ئۆچا سەبارەت بە پاراستنی هاووڵاتییانی مەدەنی لە شەڕوپێکدادانی چەکداری لە عیراق: ١١ی ئەیلول – ١٠ی کانوونی یەکەم، ٢٠١٤، لاپەرە ٤.
٧ ڕاپۆرتی هاوبەشی یونامی و ئۆچا سەبارەت بە پاراستنی هاووڵاتییانی مەدەنی لە شەڕوپێکدادانی چەکداری لە عیراق: ١١ی ئەیلول – ١٠ی کانوونی یەکەم، ٢٠١٤، لاپەرە ٧.
٨ ڕاپۆرتی هاوبەشی یونامی و ئۆچا سەبارەت بە پاراستنی هاووڵاتییانی مەدەنی لە شەڕوپێکدادانی چەکداری لە عیراق: ٦ی تەمموز – ١٠ی ئەیلول، ٢٠١٤، لاپەرە ١٥.
٩ لێژنەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان بۆ قەیرانی مرۆیی لە عیراق، ئەیلول ٢٠١٤، لاپەڕە ٤.
١٠ لێژنەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان بۆ قەیرانی مرۆیی لە عیراق، ئەیلول ٢٠١٤، لاپەڕە ١.
١١ عیراق: لێکۆڵینەوە لە پێداویستی مرۆیی: ٢٠١٤ – ٢٠١٥.
١٢ لێژنەی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان بۆ قەیرانی مرۆیی لە عیراق، ئەیلول ٢٠١٤، لاپەڕە ٣.
١٣ ڕاپۆرتی هاوبەشی یونامی و ئۆچا سەبارەت بە پاراستنی هاووڵاتییانی مەدەنی لە شەڕوپێکدادانی چەکداری لە عیراق: ١١ی ئەیلول – ١٠ی کانوونی یەکەم، ٢٠١٤، لاپەرە ١٢.

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq